# ناسیۆنالیزم وەك ئایدیۆلۆژیا دەبێتە جۆرێك لە دین و لە هەندێك حاڵەتیشدا كتومت دەبێتە جێگرەوەی

**دیمانە لەگەڵ بورهان یاسین، گۆڤاری *سەرچاوە*، ژمارە (٥)، لاپەڕە ٢٠-٢٧**

• لەكاتێكدا جیهانگیری سنورە سیاسییەكان تێدەپەڕێنێت و مانایەك ناهێڵێتەوە بۆ بونی چوارچێوەیەكی سیاسی دیاریكراوی نەتەوەیی، گوتاری ناسیۆنالیزم بەرەو كوێ دەچێت؟

- لە سەرەتادا پێویستە ئەوە بڵێین كە باسوخواس دەربارەی جیهانگیری لە، كەم یا زۆر، ٣٠ ساڵی دواییدا چڕ بۆتەوە، بە ڵام لە راستیدا ئەم باسوخواسە لە رووی تیورییەوە كۆنترە. بۆ نموونە لە سەرەتای حەفتاكانی سەدەی رابردوودا باس لە لادێی جیهانی (Global village) كراوە وەكو چمك بۆ گوزارەشكردن لە سیستەمی جیهانی. هەر لەبەر ئەوەشە كاتێك باس و لێكۆڵینەوەكان دەربارەی سیستەمی نوێی جیهانی چڕ بوونەوە لە سەرەتای ١٩٩٠كانەوە یەكێك لە چوارچیوە تیوریەكان كە باس كراون هەر ئەو لادێی جیهانیە بوو وەكو مۆدێلێك بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی نوێی جیهانی. هەر بەم مانایەش زۆر جار گوزارەش لە سیستەمی نوێی جیهانی كەم یا زۆر گوزارەشە لە جیهانگیری. بە هەر حاڵ ئەو رووداوەی كە هاوبەش بوو لە نێوان وە چارەنووسساز بوو بۆ هەردوو مەسەلەی جیهانگیری و سیستەمی نوێی جیهانی كۆتایی جەنگی سارد بوو. لە راستیدا هەر ئەو كۆتاییەی جەنگی سارد بوو كە دەرفەتی جیهانگیری لە رووی عەمەلی و ئایدیۆلۆژییەوە فەراهەمكرد و چڕتر كردەوە. لە رووی عەمەلیەوە هەلۆەشانەوەی سیستەمی سۆسیالیست سەركەوتن بوو بۆ بازاری ئازاد. لە رووی ئایدیۆلۆژیشەوە هەلۆەشانەوەی ئەو سیستەمە گڕوتینێكی تازە و دەرفەتی سەرلەنوێی بە لیبرالیزم بەخشی وە ئەو هەلۆەشانەیەوەیە وەكو سەركەوتنێكی مێژوویی بۆ لیبرالیزم تۆماركرا.

بە هەر ئایا بەراستی جیهانگیری مانایەك ناهێڵێتەوە بۆ چوارچێوەی سیاسی دیاریكراو یا بە ئاشكرا تر بڵێین مانایەك بۆ دەوڵەت نایێڵێتەوە؟ لەم بارەیەوە دژایەتیەكی زۆر لە نێوان بۆچوونەكاندا هەیە و بە هەر حاڵ دەرهاوێشتەكانیش ئەو بۆچوونەی ناو پرسیارەكەتان پشتراستناكەنەوە كە گوایە "جیهانگیری مانایەك ناهێڵێتەوە بۆ بونی چوارچێوەیەكی سیاسی دیاریكراوی نەتەوەیی". لێرەدا بە چەند خاڵێك ئەم بۆچوونەم رووندەكەمەوە:

١) له رووی تیوریەوە ئەوە زیاتر لایەنگرانی تیوری نیولیبرالیزمن کە لە بابەتی پەیوەندیە نێو نەتەوەییەکان بە جختکردنەوەوە ئەو بۆچوونە پیادەدەکەن کە گوایە لە چەرخی جیهانگیریدا مانایەك بۆ سنووری دەوڵەتان نامێنێتەوە. بەڵام، لە لایەکی ترەوە، لایەنگرانی مەدرەسەی ریالیستی و نیو-ریالیستی ئەوە جختدەکەنەوە کە هەرچەندە جیهانگیری کاریگەری دەبێت، بە شێوەیەك یا شێوەیەکی تر، لەسەر دەوڵەتی نەتەوەیی بەڵام دەوڵەت تا ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێنێتەوە، چونکە مرۆڤایەتی چوارچێوەیەکی باشتری لە دەوڵەت بەرهەم نەهێناوە بۆ رێکخستنی کۆمەڵگا مرۆییەکان؛

٢) لەبەر ئەوەی کاریگەریەکانی جیهانگیری زۆر ناهاوسەنگە لە ئاستی جیهانیدا ئەم کاریگەریە ناهاوسەنگە بە تایبەتی بەرچاوە لە بابەتی کاریگەری بۆ سەر بوون و دوارۆژی چوارچێوە سیاسیەکان، واتە دەوڵەتان. زۆر بە کورتی و بە چڕی: لە کاتێکدا لە ئەوروپای رۆژئاوا سنورەکانی دەوڵەت کاڵدەبنەوە، لە بەشێکی تری جیهان، بە تایبەتی لە سۆڤیەتی پێشوو و رۆژهەڵاتی ئەوروپا ژمارەیەکی زۆر دەوڵەتی نوێ راگەیەندراون و سنورەکانیش بەردەوام بەهێز دەبن. لە کاتێکدا لە قۆناغێکی بەرزی کاپیتالیزمدا لە ئەوروپای رۆژئاوا پێداویستی بە فەراهەمکردنی بازاری کراوە (ئازاد) و ئاسانکاری بۆ هات و چۆی هێزی کار و سەرمایە (بە تایبەتی سەرمایەی وەبەرهێنان) خۆی سەپاندوە و دەرهاوێشتەکەشی قوڵبوونەوە و فراوانبوونی یەکێتی ئەوروپا بووە، بەشەکانی تری جیهان ئەم پێشکەوتنەیان بە خۆوە نەبینیوە. بەم پێیەش لەو بەشەی جیهان (بەتایبەتی ئەو بەشەی وەك جیهانی سێهەم ناسراوە) پێویستی بە سنووری نەتەوەیی هێشتان ماوە و تا ماوەیەکی تریش هەروا دەمێنێتەوە؛

٣) بەپێی بۆچوونی هەندێ لە شارەزایان قەیرانی ئابووری هەرە دوایی جیهان کە سەرەتاکەی لە ئەمریکاوە سەریهەڵدا، لە زۆر رووەوە بۆتە هۆی لاوازی و کزی جیهانگیری وە بەهێزبوونی دەنگ و ئاراستەی بەهێزکردنی رۆڵی دەوڵەت بەرامبەر هێزە "ئازادەکانی" بازار و سەرمایە، لە رەهەندە سیاسی و ئابووریەکانیدا. نەك هەر ئەوە بەڵکو هەندێك ئەوهاشی بۆ دەچن کە ئەو قەیرانە جیهانیە بووەتە هۆی لەگۆڕنانی جیهانگیری. بەڵام بە باوەڕی خۆم ئەو بۆچوونە لە لەگۆڕنانی جیهانگیری دوور رۆیشتنە. لە لایەکی تریشەوە قەیرانی هەرە دوایی یۆنانستان کاریگەری بووە و لە ماوەی داهاتووشدا زیاتر دەبێ لەسەر پرەنسیپ و میکانیزمەکانی ئینتیماج لە ناو یەکێتی ئەوروپادا: بە کورتی و بە چڕی هەنگاوێك بەرەو بەهێزبوونەوەی سنوورە نەتەوەییەکانی ناو یەکێتی ئەوروپا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پاشەکشەیەکە لە جیهانگیری، چونکە بەردەوام یەکێتی ئەوروپا وەك

نموونەیەکی بەرجەستە لە سەرکەوتنی جیهانگیری و لاوازبوونی پرەنسیپ و ئەرکەکانی دەوڵەت-نەتەوە باسکراوە؛

٤) بە شێوەیەکی گشتی لە بەر تەوژم و لەژێر کاریگەری جیهانگیریدا، لە بری تاوانەوەیان، ناسنامە لۆکاڵی یا ناوچەییەکان (ئیتنی، دینی، مەزهەبی، جوگرافی. . . هتد) نوێبوونەوە و بەهێزبوونیان بەخۆوە بینیوە. تێگەیشتنێکیش لەو حاڵەتە ئەوەیە کە:

١- مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و بەم مانایەش پێویستی بەردەوامی بە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی (تۆ بڵێ ناسنامەیەك کە سنوورەکانی دیار و تەعریفکراو بێت) هەیە؛

٢- گەشانەوەی ئەو ناسنامە ناوچەییانە شێوەیەکی یا میکانیزمێکی بەرگری لەخۆ کردنە لەبەردەم تەوژمی جیهانگیریدا.

جگە لەوەش تێبینی ئەوە دەکرێ کە دەنگ و هێزە ناسیۆنالیستیە توندڕەوەکان لە ئەورووپای رۆژئاوا (تۆ بڵێ لە ناو هەناوی جیهانگیریدا) بە شێوەیەکی هاوتەریب لە بەهێزدابوون بوونە. ئەمەش تا رادەیەکی زۆر کاردانەوەی راستەوخۆی رەهەندێکی جیهانگیریە ئەویش هاتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بیانیە بۆ ئەورووپا کە بە بۆچوونی ئەو هێزە توندڕەوانە هاتنی ئەو بیانیانە هەڕەشەن لە کۆمەڵگا ئەورووپیەکان هەر نەبێ لە سێ ئاستەوە: ئاسایش و هێمنی ناو کۆمەڵگا؛ دەرفەتی کار؛ بەها کولتوریە خۆماڵیەکانی ئەو کۆمەڵگایانە. بە پێی زۆر بۆچوونیش ئەم هێزە راستڕەوە توندڕەوانە لە زێدەبوون و فراوانبووندان وە دەکرێ بە گشتی کاریگەریەکی زۆر بکەنە سەر پرۆسەی کرانەوەیەکی زێتری کۆمەڵگاکانی یەکێتی ئەورووپا وە سیاسەتی کرانەوە و ئینیدیماجی تاکەتاکەی ئەندامانی ئەو یەکێتیە.

**• دەکرێت بڵێین قسەکردن لەسەر جیهانگیری واتە قسەکردن لەسەر غیابی ناسیۆنالیزم؟ یاخود تێکەلاوبون لەنێوان خواستی ناسیۆنالی و خواستی جیهانگیریدا هەیە؟**

- دەبێ بۆ وەڵامدانەوەی بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان جیاوازیەکی ئاشکرا لەم پەیوەستەدا لە نێوان دوو شێوەی ناسیۆنالیزم، کە دەکەونە ژێر کاریگەری جیهانگیری و بەرەو ڕووی دەبنەوە، بکەین: یەکێکیان ناسیۆنالیزمی دەوڵەتە (کە زیاتر بە patriotism ناسراوە) وە ئەوی تریشیان ناسیۆنالیزمی ئەو ئەکتەر یا بزاڤە ناسیۆنالیستانەیە کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین. شتێکی شاردراوە نیە کە دەوڵەتان بە شێوەی جودا جودا سیاسەتی خۆیان لە بوارە جیاجیاکاندا

دەخەملێنن بۆ بەرەورووو بوونەوەی جیهانگیری یا خۆگونجاندن لەگەڵیدا. لە لایەکی ترەوە بزاڤە ناسیۆنالیستیەکان، کە بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردی یەکێکە لەو بزاڤانە، دوو جار دەکەونە ژێر کاریگەری جیهانگیری: ١) جارێکیان لە رووی بڵاوبوونەوەی بەها گەردوونیەکان و کاڵکردنەوەی ئەو ناسنامانە و کولتورانەی کە جیاوازی دروستدەکەن و بە پێچەوانەشەوە جیهانگیری دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بەها گەردونیەکان؛ ٢) تا رادەیەکی زۆر تەوژمی جیهانگیری، هەر نەبێ لە رووی تیورییەوە، بووەتە هۆی لاوازبوونی بەهانەی خەباتکردن و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی.

بە مانایەکی تر، لە لایەکەوە بۆ ناسیۆمالیزم لە حاڵەتی ئەو نەتەوانەی کە خاوەن دەوڵەتی خۆیان نین (وە لە وێشدا ناسیۆنالیزمی کوردی) جیهانگیری کاریگەری پۆزەتیڤی هەیە بەو مانایەی کە جیهانگیری بووەتە هۆی لاوازبوونی دەوڵەت و کاڵبوونەوەی سنوورەکانی؛ دەوڵەت چیتر بە شێوازە کلاسیکیەکان واتە لە رێگەی بەهێزکردنی سنوورەکانی وە خۆحەشاردان لە پشت ئەو سنوورانەوە ناتوانێ خۆی بپارێزی. بە مانایەکی تر هەروەك سیاسیەکی تورك دەربارەی زمانی كوردی رۆڵی سەتەلایت تیڤی و ئینتەرنێت لە گەشەکردنی زمانی کوردی و بەهێزبوونی هەستی نەتەوەیی کوردی دەڵێ ئێمە پێویست ناکات خۆمان بە دانانی دەرگا بۆ ژوورێك خەریکبکەین، کاتێك دەبینین ژوورەکە هەموو دیوارەکانی رووخاون. لە لایەکی ترەوە کاریگەری نێگەتیڤیشی دەبێت بە پێی ئەو دوو خاڵەی کە لە سەرەوە لەم وەڵامەدا خرانە روو.

لە لایەکی ترەوە، دەربارەی بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، دەتوانم بڵێم ئەوە جاری یەکەم نیە کە بە هۆی جیهانگیریەوە ناسیۆنالیزم وە لەوێشدا ناسیۆنالیزمی کوردی بکەوێتە ژێر کاریگەری بەها گەردوونیەکان وەك، بۆ نموونە، مافی مرۆڤ، ئازادیەکان، وە بە گشتی مافەکانی تاکە کەس. چونکە هەر لە زەمانی رەوشەنگەریەوە و لە بەردەوامی گەشەکردنی ناسۆنالیزم لە ژینگە مێژوویە جیاجیاکانی جیهاندا بەردەوام ئەو دژایەتیە لە نێوان بەها گەردوونیەکان لە لایەك وە بەها تایبەتییەکان لە لایەکی ترەوە لە ناو ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم و پرۆگرامە سیاسیەکانی بزاڤە ناسیۆنالیستەکاندا هەبووە. ئەوەی کە جیاوازە ئەوەیە کە هاوسەنگی ئەو دژایەتیە (یا راستتر بڵێین ئەو دوو رەهەندە دژ بە یەکە – گەردوونی و تایبەتی) لە ژێر کاریگەری جیهانگیریدا تێکچووە و پەیوەندیەکە لاسەنگ بووە لە سوودی بەها گەردوونیەکان، بە تایبەتی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادیەکانی تاك وە بەهێزبوونی توخمە گەردوونیەکانی ناسنامە بەرامبەر توخمە سنوردار و تایبەتیەکانی ناسنامە. هەر ئەوەشە وا لە بزاڤە ناسیۆنالیستیە (بێدەوڵەتەکان) دەکات کە هەست بە تەحەددایەکی جددی بکەن لە بەرامبەر تەوژمی جیهانگیریدا. . . هەر لەبەر ئەوەشە من لە هەندێ دەرفەتیتردا گوتوومە کە ئەرکی هەرە گەورەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە قۆناغی داهاتوودا یەککردنی

دژایەتیەکانە بە شێوەیەك کە ئەو دژایەتیە لە نێوان دوو ڕەهەندی بەها گەردونیەکان و بەها تایبەتیەکان ببێ بە شێوە هاوئاهنگیەك لە فەلسەفەی سیاسی ناسیۆنالیزمدا.

• تیۆریستی بەناوبانگ ئارنست گێلنەر بڕوای وایە "ئەوە نەتەوە نییە کە دەوڵەت و ناسیۆنالیزم دروست دەکات، بەڵکو ئەوە ناسیۆنالیزمە دەوڵەتی نەتەوە دروست دەکات" گەر لەم بڕوایەوە بڕوانین ئایا هێزە ناسیۆنالیستە کوردییەکان لەڕێگەی گوتاری ناسیۆنالیستییەوە تا چەند کاریان لەسەر بەرهەمهێنانی نەتەوە کردووە؟

- دەربارەی ئەم بۆچوونەی گیلنەر مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: ۱) ئەمە تەنها یەکێکە لە بۆچوونەکان، چونکە بۆچوونی تر و بگرە دژیش هەن؛ ۲) لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە زیاتر لەگەڵ سیاقی مێژوویی جیهانی ڕۆژئاوا گونجاوە، چونکە لە ناوچەی بەلقان و جیهانی سێهەم زۆر دەوڵەت بەرهەم هاتوون دواتر ئەو دەوڵەتانە ئەرکی بەرهەمهێنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی گونجاو لەگەڵ سنوورەکانی دەوڵەت و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو دەوڵەتەی کەوتۆتە ئەستۆ.

دەربارەی بەشی دووەمی پرسیارەکەت، دەتوانم بڵێم گوتارە ناسیۆنالیستیەکان بەر لە قۆناغی گەیشتن بە دەوڵەتی نەتەوەیی، ڕۆڵیان هەبووە لە بەرهەمهێنانی نەتەوە وەك باوەڕبوون بە کۆمەڵێك بەهاو چوارچێوەیەك کە هەر نەبێ لە زیهنی ئەندامانی "نەتەوەدا" ئامادەیی هەبووە. بە هەر حاڵ ئەوەش دیسان جێگای جەدەل و مشتومڕێکی زۆرە کە ئایا ئەسلەن بەرهەمهێنانی نەتەوە مومکینە بەر لە بەدەوڵەتبوون! لە لایەکی ترەوە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، دیارە بە شێوەیەکی گشتی و لە دیدی هێزە سیاسیە کوردییە سەرەکیەکانەوە، گوتارێکی پڕ بووە لە دژایەتی: بەو مانایەی کە لە لایەکەوە دەخوازێ نەتەوە و نەتەوەبوون بخەملێنێ، کاتێك کە باسی "ئازادی" لە ئەویتر دەکات. کەچی لە لایەکی ترەوە هەر ئەو گوتارە،چونکە گوتارێکی ئۆتۆنۆمیستی بووە، وابەستەیی کورد بە چمکی نەتەوە-دەوڵەتێکی تر (تورکیا، عیراق، سوریا، ئێران)ەوە گرێداوە کە نەتەوەیەکی تری زۆرینە (تورك، عەرەب یا فارس)ی تیادا باڵادەست بووە. بەم مانایەش ئەم گوتارە هی بەخۆبوونێك و ئازادیەکی بەتەواوەتی نیە بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا نیو بەخۆبوون و ئازادیەکی ناکامیل و ناسنامەیەکی ئاڵۆزە.

لە لایەکی ترەوە لە پرۆسەی "بەرهەمهێنان" و خەملاندنی نەتەوەدا، بە مانا سیاسیەکەی، هێزە سیاسیە کوردیەکان لە ڕووی کردارەوە نەك هەر سەرکەوتوو نەبوونە بەڵکو بە جددی کورتیا هێناوە:

١) **کولتوری سیاسی باڵادەست لای هێزە سیاسیە کوردیەکان، لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا، نەخوێندنەوەی یەکتر و بگرە رەدکردنەوەی یەکتر بووە. جێگەی سەرنجە کە ئەو رەدکردنەوەیە زۆرجار لە پرۆسەیکی زۆر تێکدەرانە و بگرە خوێناوی و تراژیدیشدا خۆی نواندوە. جا بەم مانایە، کە نموونەی لە مێژوی کوردا یەکجار زۆرن، گوتاری نەتەوەیی لە رواڵەتدا چەند جوان خۆی خویا بکا ئەوا هەلگرانی ئەو گوتارە بە ناو نەتەوەییە (مەبەست سەرکردە و هێزە سیاسیەکانە) لەو پرۆسە کردەییەدا، کە هی رەدکرنەوەی یەکتر و پاوانکردنی پانتایی نەتەوە لەوەی تر و بە نارەوا لەقەڵمدانی ئەوی تر و هیچکردنی خەباتەکەی و هەرگیز خۆ بەراستزانی و خەباتی خۆشی بە تاکە خەباتی رەواو و سەرکەوتو، هەراسانکردن و پەرتەوازەکردنی جەستە و روحی نەتەوەیی لێکەوتۆتەوە. دەکرێ وەك نموونە باشووری کوردستان لە ٣٠ساڵی رابردودا بهێنینەوە، بەبێ ئەوەی باسمان لە راستیە تاڵەکانی یەکتر رەدکرنەوە و یەکترکوژی بەر لەو سی ساڵە کردبێ. زۆر بە کورتی و زۆر بە چڕی ئەو دەسەڵاتەی، کە حزبە دەستەڵاتدارەکان بە دەسەڵاتی "نەتەوەیی" لە قەڵەم دەدەن، لە هیچ ئاست و رەهەندێکیدا بەکارنەهاتووە بۆ بەرهەمهێنانی نەتەوە بەڵکو لە ئاکامی بە حزبیکردنی گوتاری نەتەوەیی جەستە و روحی نەتەوە هەراسان و پەرتەوازە کراوە. . . لە راستیدا ئەوەی کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان دوو هێزی دەسەڵاتدار لەسەری دەژین و بە هێزیشی دەکەن دیوارێکی بەرلینە لە نێوان ناوچەی بادینان و سۆران وە لە خەرابترین حاڵەتیشدا بەرهەمهێنانی "دوو زمانی" بەهدینی و سۆرانیە. ئەمە تەواو پێچەوانەی، بۆ نموونە، ئەزموونی جوەکانە (یا راستتر بڵێین ئەزموونی ناسیۆنالیزمی جوو واتە زایۆنیزمە) لە فەلستین بەر لە دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨. لەو ئەزموونەدا (بە پێچەوانەی ئەزموونی کوردی) خیتابی ناسیۆنالیستی و کار و چاڵاکی سیاسی رۆژانەی رەوت و هێز و حیزبە سیاسیە جیاجیاکانی ناو زایۆنیزم یەکانگیربوو لەگەڵ یەکتردا کاتێك کە شتەکە پەیوەندی بە بوون و چارەنووسی نەتەوە و پڕۆژەی نەتەوەییەوە هەبوو. بە مانایەکی تر لە ئەزموونی کوردیدا نەك هەر ئەو یەکانگیریە نەبووە بەڵکو دژایەتیەکی وێرانکار لە نێوان لە لایەکەوە ئەوەی کە پێویست بوو گوتار و کرداری نەتەوەیی بێت وە ئەوەی کە گوتار و کردارێکی تەسکی حیزبی هێزە باڵادەستەکان بووە؛**

٢) ئەمڕۆ کە باس لە کورد و نەتەوەبوونی دەکەین لە زووربەی زۆری حاڵەتەکاندا باس لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان دەکەین، وەکو روانگەیەك و دانپێدانانێك، کە هی حاڵەتی

دابەشبوونی کورد و خاکەکەیەتی لە ژمارەیەك وڵاتدا. بە تایبەتی گوتاری "ناسیۆنالیستی" ئۆتۆنۆمیخواز گوتارێکە لە باوەڕبوون، لە رووی سیاسیەوە، بە "حاڵەتی بوونی چەند نەتەوەیەکی" کورد. دەڵێم ئۆتۆنۆمی، چونکە فیدرالیەکەی باشووری کوردستانیش دەربڕە لە کولتور سیاسی ئۆتۆنۆمیزم و ئەو تەرتیبە ئیدارییەی کە پێی دەڵێن ئۆتۆنۆمی. لە راستیدا ئەگەر هەندێك شت لەبەر چاو نەگرین کە زادەی ئەمری واقیعە لە باشووری کوردستان تا تەرتیباتێکی دەستوری ئەوا دەتوانین بڵێین ئۆتۆنۆمیەکەی ساڵی ١٩٧٠ راشکاوانەتر گوزارش و پێزانین بوو لە کێشەی خاك تا سیستەمە فیدرالیەکەی ئێستای ناو دەستوری عیراق: دەستورەکەی عیراق پێزانینە بە دەسەڵاتی حکومەتی کوردی لەو شوێنانەی کە تا ٢٠٠٣/٣/١٩ بە دەست کوردەوە بوو نەك پێزانینێکی راشکاوانە لە وڵاتی کورد (کوردستان)!

- لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی نەتەوەدا کورد ئیشکالی لەگەڵ کام بنەمادا هەبووە بۆ ئەوەی لەبەراوردی لێکنەچونی لەگەڵ ئەویتردا نەتەوەبونی خۆی بسەلمێنێت؟

دەتوانین سێ دانە ئیشکالیەت لە بەرهەمهێنانی نەتەوەدا، لە حاڵەتی کوردا، باس بکەین کە هەرسێکیان بە یەکەوە لە سێ ئاستی جیا جیادا کاریگەری نێگەتیڤی هەبووە لەسەر پرۆسەی بەنەتەوە بوون و خەملاندنی نەتەوە. هەر زووش دەبێ بڵێین کە ئەم ئیشکالیەتانە دەکرێ پەیوەست بن بە بنەما کۆمەڵایەتیەکانی گۆمەلگە کوردی یا راستتر بڵێین کوردیەکان لە لایەك وە بنەمای فکری و ژینگەی فکری ناسیۆنالیزمی کوردی:

١) هۆز/عەشیرەت وە کۆمەڵگە و ناسنامە لۆکاڵیەکان: راستیەکی مێژوویی ئەوەیە کە هۆز و عەشایەر نەك هەر بێلایەن نەبووە لە پێشوەچوونی بزاڤی کوردایەتیدا بەڵکو بە توندی و بە چڕی کاریگەری هەبووە بەسەر ئەو پێشوەچوونەوە. بەو پێیەی کە کۆمەڵگەی کوردەواری وەك کۆمەڵگەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە فەترەی سەرهەڵدانی فکری نەتەوەیی لە ناوچەدا بە توندی تەقلیدی بوون، ئەوا هەرگیز ئەم حاڵەتی تەقلیدیبوونە (لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ە بگرە فەرهەنگیشەوە) کاریگەری جددی هەبووە لەسەر گەشەکردن و پێشکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی. لە راستیدا ئامادەیی هێز و توێژە کۆمەڵایەتیە تەقلیدیەکان لە لایەکەوە سەرچاوەی هێز بوون بۆ بزاڤی کوردایەتی وە لە لایەکی تریشەوە سەرچاوەی لاوازی و پەرتەوازەیی و پوکانەوە بوونە. بەم مانایە بزاڤی کوردایەتی بە تایبەتی لە باشووری کوردستان دەرهاوێشتەی ئامادەبوون و ئاوێتەبوونی تەقلید لە ناو مۆدەرنیتەدا بووە. ئەم دژایەتیە لە یەکبووندا لە چلەکانی سەدەی رابردوودا لە ئەنجامی نزیکبوونەوەی توێژی شار (تۆ بڵێ

خوێندەوار — بە هەندێ مانا ووردە بورژوا) لە بزاڤی خوالێخۆشبوو بارزانی ئەو ئاوێتەبوون و یەکبوونەی لێکەوتەوە لە نێوان توێژی تەقلیدی لە لایەك وە توێژی "شار" لە لایەکی ترەوە. لە راستیدا دامەزرانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە ١٩٤٦ لوتکەی ئەو یەکبوون و ئاوێتەبوونە بوو. لە ئاستی ئیشکالیەتی ناسنامەشدا دیارە هۆز/عەشیرەت چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیە کە ناسنامەیەك و وەلائێکی ناوچەیی تەسك دەدات بە ئەندامانی عەشیرەت کە دواجار ئەم جۆرە ناسنامەیە رێگرە لەبەردەم گەڵاڵەبوونی ناسنامەیەکی "گشتگیری" نەتەوەیی خۆڕاگر و بەهێز؛

٢) **ئیشکالیەتی دووەم هی دەوڵەت-نەتەوەیە: بەم مانایەش کوردان بەردەوام هەر لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە لەگەڵ دوو دانە ناسنامەدا، کە هەرگیز لەگەڵ یەکتردا لە دژایەتیدا بوونە، ژیاون. نەك هەر ئەوە بەڵکو، هەروەك لە وەڵامی پێشتردا ئاماژەم پێکرد، گوتاری کوردی و روانگەی ژیانی رۆژانەی کوردان کاریگەریەکی توندی بووە لە بەرهەمهێنانی ئیزدواجیەت لە گوتار و مومارەسەی ژیانی سیاسیدا: لە گوتاردا کورد هەڵگری دروشمەکانی کوردبوون و کوردایەتی بووە کەچی لە لایەکی ترەوە "بە شانازیەوە" ئێرانی، عیراقی، سوری یا تورکیایی بووە. هەروەها لە مومارەسەشدا ئۆتۆنۆمیزم لە ساڵانێکی دوور و درێژی ئامادەبوون و باڵادەستبوونی لە مەیدانی سیاسیدا هەڵگر و بەرجەستەکاری ئەو دژایەتیە بووە!**

٣) ئیشکالیەتی ئایدیۆلۆژیە گەردونیەکان، بە تایبەتی چەپی نەتەوەی سەردەست: دەڵێم چەپی نەتەوەی سەردەست چوونکە من جیاوازیەك دەبینم لە نێوان لە لایەك بیری چەپ وەك ئاراستەیەکی گەردونی کە لە ئەزموونی زۆرێك لە بزاڤە ئازادیخوازەکانی جیهانی سێهەم ئامادەیی هەبووە وە لە لایەکی ترەوە بیری چەپ لە ریگەی فیلتەری ئایدیۆلۆژی و کولتوری نەتەوەی سەردەست و زمانی ئەو نەتەوانە (تورك، عەرەب، فارس)وە خزابێتە ناو ناسیۆنالیزمی کوردی و بیرکردنەوە و کردەی ناسیۆنالیستە کوردەکان. . . لە سەر ئەم خاڵە دەتوانین زۆر رابووەستین، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە چەپی نەتەوەی سەردەست هەرگیز رۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە دوورخستەوەی کورد لە بیری سەربەخۆیی و هەوڵدانی بەردەوام بۆ باوەڕپێهێنانی کورد بە جیانەبوونەوەی: ئەو هەوڵانە هەندێ جار اە بەهانەی رووتی ئایدیۆلۆژیەوە پێی هەڵگرتوە وە هەندێ جار لە بەهانەی سیسەتی واقیعی کە گوایە دەوڵەتی کوردی لەو ژینگە جوگرافیە سیاسیەی کە هەیە ناتوانێ بژێ لەبەر ئەوە لە بەرژەوەندی کوردە کە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا بژێ کە ساڵانێکە تیایاندا دەژێ!

**• لەپەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزم و ئاییندا دوو دیدی پێچەوانە بونی هەیە، دیدێکیان پێی وایە ناسیۆنالیزم دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی ئایین و کتومت جێگەی ئایین دەگرێتەوە، بەجۆرێك ناسیۆنالیزم هاوشێوەی ئایین مانا دەبەخشێت بە مردن و بەهەمانشێوەی ئایین خاوەنی چەندان بۆنەی تایبەت و سروت و شوێنی پیرۆزە، ئەم جۆرە بیرکردنەوە لەنێوان ئایین و ناسیۆنالیزمدا دابڕان دروست**

**دەکات، بەڵام لەبەرامبەردا بڕوایەکی دیکە پێی وایە لەنێوان ناسیۆنالیزم و ئاییندا پەیوەندی قوڵ و هەمەلایەن هەیە و بەدەگمەن بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی دەبینرێت پەیوەندی تایبەتی بە ئایینەوە نەبێت. لەنێوان ئەم دوو بۆچونە جیاوازەدا بیروڕای بەڕێزتان چییە؟**

- لە ڕاستیدا هەردوو بۆچوونەکان لە ئاستی فکری و ئاستی کردەیدا دروستن، بە جیاوازی ئەزموون و حاڵەتە مێژووییەکان. لە بارەی بۆچوونی یەکەم، لە پێشوەچوونێکی مێژووییدا لە جیهانی ڕۆژئاوا ناسیۆنالیزم تا ڕادەیەکی زۆر، لە ئەرکە سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتیەکاندا، جێگەی دینی گرتەوە یا هەر نەبێ جێگەی بە دین لەقکرد. ئەمە بە گشتی پرۆسەیەك بوو کە لە سەدەی هەژدەهەم دەستپێکرد وە دەرهاویشتەی کۆمەڵێك پێشوەچوون یا پرۆسە بوو، کە گرنگترینیان دووانیان ئەمانەبوون: ١) چرپبوونەوەی گوتاری فەلسەفی ڕخنە لە فکری میتافیزیکی و دژ بە ئاین. ئەم گوتارە ڕیگەخۆشکەر بوو بۆ جێگرەوە (ئەلتەرنەتیف)ێکی تر کە ئەویش ناسیۆنالیزم بوو. هەر لەبەر ئەوەشە هەر لە ١٧٠٠کاندا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش باس لە ناسیۆنالیزم وەك "ئاینێکی عەلمانی" کراوە؛ ٢) گەشەکردنی دەوڵەت-نەتەوە، بە تایبەتی دوای ئاشتی ویستفالیا لە ١٦٤٨ ئەو ئاشتیەی کۆتایی بە شەڕێکی ٣٠ ساڵانەی ئایینی هێنا، وە بەکاربردنی گوتاری ناسیۆنالیزم وەك ئامراز و چوارچێوەی فیکری ئەو پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوەیە. ئیتر لەو کاتەوە هەتا خەسلەتی شەڕەکانی سەر گۆڕەپانی ئەورووپاش گۆڕا لە شەڕی ئایینی بۆ شەڕ بە ناوی نەتەوە و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت-نەتەوە: جا چ شەڕی بەرگری بێت یا شەڕی هێرشبردنە سەر لایەن و دەوڵەتانی تر.

لێرەدا دەبێ ئەوەش بگوترێ کە نەك هەر ناسیۆنالیزم وەك ئایدیۆلۆژیا دەبێتە جۆرێك لە دین و لە هەندێك حاڵەتیشدا کتومت دەبێتە جێگرەوەی، بەڵکو ئایدیۆلۆژیا بە گشتی ئەو خەسلەتە بەخۆوە دەگرێ، هەر ئەوەشە، بۆ نموونە، زۆر جار وا دەکات کە ئایدیۆلۆژیایەکی عەلمانی زۆر جار خەسلەتی دین وەردەگرێ لە بۆ نموونە گوتاری ڕەواییدان بە "زەبروزەنگی شۆڕشگێری" یا هەر کردەیەکی تر لە چوارچێوەی مومارەسەکردنی حەرفیانەی ئایدیۆلۆژیایە. . .

پەیوەست بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت دەکرێ ئێمە زۆر نموونەی زیندو بهێنینەوە کە لەوێدا ئایین ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە و دەبینێ لە بەهێزکردنی ناسیۆنالیزم. لە لایەکی ترەوە نموونەش هەن کە لەوێدا، بۆ خزمەتی خۆی، ناسیۆنالیزمێك خۆی دەخاتە خزمەت بەهێزکردنی ئایینێك یا مەزهەبێکی ئایینی دیاریکراو. لەو حاڵەتە شێوە یەکبوونێکی دژایەتیەکان (ناسیۆنالیزم وەك ئایدیۆلۆژیایەکی عەلمانی لە لایەك وە ئایین لە لایەکی تر) لە بەرجەستەبوونێکی دیالەکتیکیانە، زۆربەی جار لەسەر بنەمایەکی پراگماتیکی نەك بە زەرورەت فیکری فەراهەم بکرێ.

**• بەو حوکمەی دروستکردنی نەتەوە پێویستی بەهەموو شتێکە، ئایین هەمیشە یەکێك بووە لە ئامرازەکانی بەردەستی بزوتنەوە ناسیۆنالیستییەکان، ئایا بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی توانیویەتی سود وەربگرێت لە ئایین بۆ خزمەتی نەتەوەکەی؟**

- تا راددەیەك. ئەمەش زیاتر لە هەندێك لە جولانەوەکانی سەدەی نۆزدەهەم و دەهە سەرەتاییەکانی سەدەی بیستەم دەرکەوتووە. ئەوەش بە مانای ئەوە نایەت کە کورد سەرکەوتوو بووە لە بەکارهێنانی ئاین بۆ سەرخستنی بە تەواوەتی پرۆژەیەکی نەتەوەیی لە کوردستانی مەزن یا لە هەر پارچەیەکی کوردستان. ئەمڕۆ ئایین (ئیسلام) لە کوردستاندا لە ڕێگەی ئیسلامی سیاسییەوە رۆڵێکی سەرلەنوێ وە بە شێوازی تر دەبینێ. وە بۆ ئەوەی گوتاری ئیسلامی سیاسی نەبێتە هۆی لاوازبوونی پرۆژەی نەتەوەیی کوردستان پێویستە لەسەر دوو پرەنسیپی گرنگ، کە ئەوانیش کوردستانیبوون و دیمۆکراسین، هێزە عەلمانی و دینیەکانی کوردستان نەك هەر وەك دژ تەماشای یەکتر نەکەن بەڵکو وەك تەواوکەری یەکتر یەکتر بخوێننەوە و هەڵسوکەوت لە تەك یەکتردا بکەن.

**• کاتێك قسە لەسەر پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزم و دیموکراسی دەکرێت، دەبینین لەهەناوی زۆربەی بزوتنەوە ناسیۆنالیستییەکاندا نەك دیموکراسی ئامادەیی نەبووە، بەڵکو لەزۆرکاتدا گەشەی ناسیۆنالیزم هۆکاری سەرەکی شکستی دیموکراسی بووە، بەڵام ناسیۆنالیزمی نەتەوە بندەستەکان لەزۆرکاتدا دیموکراسییان کردۆتە بەیداخی دروشمەکانیان، ئایا لەمێژووی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیدا پەیوەندییەك دەبینین لەگەڵ دیموکراسیدا؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە و گوزارەشە لە پەیوەندیەکی پڕ ئیشکالیەت. سەرەتا دەبێ بڵێین کە: ١) لیبرالیزم و ناسیۆنالیزم لە هەمان کاتدا گەشەیان کردوە وە هەندێك جاریش ناسیۆنالیزم وەکو بەشێك و درێژبوونەوەی لیبرالیزم بینراوە، لەگەڵ بوونی هەندێك دژایەتیش لە نێوانیاندا؛ ٢) لە مێژوودا ناسیۆنالیزم بە زۆر شێوە خۆی دەربڕیوە؛ ناسیۆنالیزم وەك ئیمپریالیزم، وەك درێژبوونەوەی شۆڤینیزم، وەك ئایدیۆلۆژیەك بۆ رەواییدان بە دەستدرێژی بۆ سەر وڵات و نەتەوەی تر بەڵام وەك ئایدیۆلۆژیەکی بۆ بزاڤی ئازادیخوازیش لە خەبات دژی کۆلۆنیالیزم یا داگیرکەری ناوەخۆ. بەم مانایەش راستترە ناسیۆنالیزم بە کۆ گوزارەشی لێبکرێ تا بە تاك، لە راستیدا بەکاربردنی هەردوو شێوە دروستە.

لە لایەکی ترەوە لە رووی تیوری و عەمەلیەوە جۆرێك لە دژایەتی هەیە لە نێوان دیمۆکراسی لە لایەك وە ناسیۆنالیزم، بە گشتی، لە لایەکی ترەوە. ئەم دژایەتیە چەند گرنگە و چەند جددیە تەنها لە ئاستی تیوریدا ناوەستێ بەڵکو تەواو لەسەر ئەکتەرە سیسیەکان دەوەستێ لە نزیکبوونەوەیان لە ناسیۆنالیزم و دیمۆکراسی. هەڵبەتە جیاوازیش هەیە لە نێوان حاڵەتێك و ژینگەیەکی سیاسی بۆ حالەتێکی تر و ژینگەیەکی سیاسی تر. لە رووی تیورییەوە ناسیۆنالیزم جختکردنەوەیە لەسەر وە کارکردنە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیەکان لە نێوان گروپ و تاکەکانی کۆمەڵگا بە ئاراستەی یەکڕەنگکردنی نەك هەر کولتوری بەڵکو ئایدیۆلۆژی و سیاسیش. بە مانایەکی تر گوتاری ناسیۆنالیستی تا بۆی دەکرێ بەشەکانی

کۆمەڵگا لەیەکتر دەچوێنێ وە زۆر جار دژی گوتاری جیاکاری لە ئاراستە و بەرژەوەندی توێژ و گروپە جیاجیاکانی کۆمەڵگا دەوەستێتەوە، بە بەهانەی پاراستنی یەك گوتاری و یەك ڕیزی "نەتەوە". ئەم گوتاری ناسیۆنالیستیە نەك هەر لە گرنگی هەمەڕەنگی ناو کۆمەڵگا کەم دەکاتەوە بەڵکو بەرامبەریشی دەوەستێتەوە، بگرە لە هەندێك حاڵەتدا ڕەواییش بە بەکاربردنی زەبروزەنگیش دەدا بۆ کەمکردنەوە و لەناوبردنی ئەو هەمەرەنگیە. بە پێی ئەم گوتارە هەمەڕەنگی لاوازیە بۆ نەتەوە و یەکریزیەکەی، بە تایبەتی لە بەرامبەر هەڕەشەی دەرەکی، راستەقینە یا وەهمیدا. لە راستیدا **گوتاری یەکڕەنگکردنی کۆمەڵگا نەك هەر بێ کێشە نیە بەڵکو ئەو گوتاری یەکڕەنگکردنە دەتوانێ پێ لە هەناسەیەکی فاشی هەڵگرێ سەریش لە حاڵەتی بەرهەمهاتنی سیستەمێکی رەفتار فاشی یا تەواو فاشی بدات. لە راستیدا لە زۆریك لە لێکۆڵینەوەکان ئەوە جختکراوەتەوە کە ناسیۆنالیزمی تورکی بە مەفهومی ئەتاتورك وە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە مەفهومی بەعس کەوتوونەتە ژێر کاریگەری فاشیزم و لەبەر ئەوەشە بەو ئاراستەیە مومارەسەیان کردوە.**

لە لایەکی ترەوە، دژ بە ئەو گوتاری یەکڕەنگکردنە، گوتاری دیموکراسی جختکردنەوەیە لەسەر هەمەڕەنگی و ووردکرنەوەی کۆمەڵگا بۆ تاکەکان (یا ئەوەی هەر زوو لە باسوخواسی فەلسەفەی سیاسیدا لە ١٧٠٠کان پێیگوتراوە atomization) واتە "پارچە پارچەکردن". بەم شێوەیەش دیمۆکراسی ئیرادەی تاك و هەمەڕەنگی ناو کۆمەڵگا لەبەر چاو دەگرێ و بەهێزیان دەکا بۆ رێکخستنی پەیوەندی لە نێوان تاك و توێژ و گروپەکانیدا، لە رێگەی بە سیستەمکردنی ئەو پەیوەندیانە لە چوارچیوەی بەها و میکانیزمە دیمۆکراسیەکانەوە. کەواتە لە ئاراستە هەرە گشتیەکەدا شێوازێك لە دژایەتی لە نێوان گوتاری ناسیۆنالیستی لە لایەك وە گوتاری دیمۆکراسی لە لایەکی تر بەدیدەکرێ، هەڵبەتە بە جختکردنەوە لەسەر جیاوازی ئەزموون و حاڵەتە مێژووییەکان لە ئاستی جیهانیدا لە جێگایەك بۆ جێگایەکی تر وە لە ئەزمونێك بۆ ئەزمونێکی تر... ئەوەش بەو مانایە نایەت کە ناکری ناشیۆنالیزم و دیمۆکراسی یەکانگیر بن: لە ئەزموونی جیهانی رۆژئاوادا دەوڵەت نەتەوە ئەو کاتە بەهێز بووە کە توانیویەتی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوە و تاکەکان بپارێزی کاتێك دەوڵەت-نەتەوەی لەسەر بنەما و بەها دیمۆکراتیەکان رێکخستوە. زۆر بە کورتی و بە چڕی ناسیۆنالیزم دەتوانێ ناوەڕۆك و ئاراستەیەکی دیمۆکراسیانەی هەبێ.

لە مێژووی بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردی (تۆ بڵێ کوردایەتی)دا دژایەتیەکی بەهێز هەبووە لە نێوان دوو گوتار و ئاراستەی ناسیۆنالیزم و دیمۆکراسی بە تایبەتی لە نێوان تیوری لە لایەك وە کردە لە لایەکی ترەوە. جگە لەمەش، ئەم ناسیۆنالیزمە روو لە دەرەوە تا بۆیکراوە جختی لەسەر دیمۆکراسی و مافە دیمۆکراسیەکان بۆ کورد کردۆتەوە، وە بەردەوام جختی لەسەر دکتاتۆریی و فاشیەتی رژێمە ناوەندیەکانی وڵاتانی داگیرکاری کوردستان کردۆتەوە. بەڵام لەو جێگایانەی پێویستی کردبێ هێزەکانی

ئەو کوردایەتیە لە ناو خۆیاندا (لە ناو ڕێکخستنی خۆیاندا) و لە پەیوەندیەکانی نێوان یەکتردا دیمۆکراسی بێن ئەم هێزانە تا بڵێی کورتیان هێناوە. نەك هەر ئەوە بەڵکو بەشەکانی ناوخۆی ئەو کوردایەتیە (واتە حیزب و هێزە سیسیەکانی) ئەو بزافە نەیان توانیوە پانتایی خەبات و پانتایی دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەیەکی دیمۆکراسیانە ڕێکبخەن، بەڵکو لەو ڕێخستنەدا روحی خۆ بە زلزانی و خۆ بە هەموو شتزانی و بەکەمزانی ئەویتر و (بگرە رەدکردنەوەی بە تەواوەتی ئەو ئەوی ترە) باڵا دەست بووە. لە لایەکی تریشەوە بزافی سیاسی کوردستان تا بۆیکرابێ خۆی دوورگرتووە لە کرانەوەی ناوەخۆی حیزب و کۆمەڵگا بە بەهانەی ئەوەی کە هەڕەشەی دەرەکی لەسەر نەتەوە هەیە.

لە راستیدا ئەم دژایەتیە بە تێکدەرترین شێوە خۆی دەربڕیوە لە سێبەر و چوارچێوەی دەسەڵاتی "خۆماڵی" لە باشووری کوردستان لە ١٩ ساڵی رابردوودا.

زۆر بە کورتی و بە چڕی کۆمەڵێك دژایەتی هەبوونە لە ناو ناسیۆنالیزمی کوردیدا وە ئەو دژایەتیانە چڕبوونەتەوە و ئاشکراتر بوونە بە هۆی: ١) تەوژمی جیهانگیری؛ ٢) سەرنەکەوتنی دەسەڵاتی کوردی لە ئەزموونی دەسەڵاتی خۆماڵیدا، بە تایبەتیش لە بواری سیستەمی دیمۆکراسی و زامنکردنی ئازادیەکان و ڕێکخستنی دیمۆکراتیانە و کوردستانیانەی پانتایی سیاسی کوردستان (تۆ بڵێ ماڵی کورد).

بە بۆچوونی من روو لە داهاتوو ناسیۆنالیزمی کوردی رووبەرو دەبێ لەگەڵ کۆمەڵێك تەحەددای جددی وە لە هەمووشی گرنگتر سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی گوتاری ناسیۆنالیستیە بە ئاراستەی چارەسەرکردنێکی تەندروستی ئەو دژایەتیانە لەسەر دوو پرەنسیپ و بنچینەی دیمۆکراسی و کوردستانیبوون.